

# شیعر بەهەمان ترسی لاوێتییەوە دەنووسم!!

نەوزاد ڕەفعەت لەم دیدارەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسە لە ئەزموونی شیعری خۆی دەکات، هەر لە سەرەتاکانی نووسینەوە تا قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی شیعری، پاشتر بۆچوون و گۆشەنیگاکانی لەسەر ئەزموونە جیاوازەکانی شیعری کوردی لە ڕوانگەوە بۆ گروپی کفری‌و حەفتاکانی هەولێرو نەوەی نوێ دەخاتە ڕوو، نەوزاد ڕەفعەت پێی وایە هیچ گروپێکی ئەدەبی نییە هێندەی ڕوانگە هەستی بەرپرسیاریەتیی بەرامبەر بە شیعر و نیشتمان و کورد هەبێت، ئەم دیدارە پوختەی دانیشتنێکە لەتەك شاعیردا.

**گفتوگۆی: دانا فایەق _ کامەران سوبحان**

***یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئێوە زمانە لە نووسیندا. زمان لە شیعرەکانی ئێوەدا دوورە لە گوتاری ڕاستەوخۆیی، هەڵگری جۆرێکە لە ڕەمزو ئەفسانەو داستان.. ئەم شێوازەی نووسین چی دەگەیەنێت لای نەوزاد ڕەفعەت؟**

—من هەر لە کۆنەوە حەزم لە حیکایەت بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی. باپیرم، باوکی دایکم حیکایەتی زۆری دەزانی، حیکایەتی خۆش، حیکایەتی دێوو درنجو ئەو شتانە، کە سەردانی دەکردینو دەهاتە ماڵمان من نەمدەهێشت بڕواتەوە تا حیکایەتم بۆ نەگێڕێتەوە. ئەو بە ئەسڵ خەڵکی سابلاغ بوو، هەروەها دراوسێشمان هەبوون، هەندێ ئافرەتی دراوسێی ئەوانیش حیکایەتیان دەزانی، حەزم دەکرد حیکایەتیان پێ بگێڕمەوە، ئەوە وەکو بنەمایەك لە لاشعورمدا، لە نەستمدا ماوەتەوە، دوای ئەوە تا دەستم بە شیعرنووسینیش کرد، کۆمەڵێك ئەفسانەو داستانم خوێندۆتەوە، ئەفسانەی کوردی یان داستانی کوردی، ئەفسانەو داستان بەشێوەیەکی گشتی، چ میتۆلۆژیای کوردی بێت، یان میتۆلۆژیای وڵاتانی تر بێت، بەتایبەتی میتۆلۆژیای گریکی کاریان تێکردووم، ئەوانە وەکو کەرەستەیەکی باش بە شاهید دەستدەدەن، لەبەر ئەوەی ئەوانە کۆمەڵێك ڕەگەزیان تێدایە یان بنەمایان تێدایە، کە شیعر دەوڵەمەند دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێستاش ئەو ئەفسانانە کە بەکاردەهێنرێن بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بەکاردەهێنرێن، هەمان دەلالەتی کۆنی خۆیانیان هەیە، بۆ ئێستاش دەستدەدەن، هەروەها ناڕاستەوخۆییەکیش دروست دەکەن، ئەو ناڕاستەوخۆییەش بەسوودە بۆ شیعر، چونکە جوانیی شاعیر لەوەدایە کە شتەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بڵێت. چەند شاعیر بتوانێت شتەکان بە ناڕاستەوخۆیی بڵێت، ئەوە شیعرەکە جوانتر دەبێت. من کۆمەڵێ داستانو ئەفسانەم بەشێوەیەکی گشتی لە شیعرەکانمدا بەکارهێناوە، هەروەها هەندێ داستان و میتۆلۆژیاو ئەفسانە هەن لە هەندێ شاعیر وەرم گرتوون و دیسان بەکارم هێناونەتەوە، وەکو ئەفسانەی تیریۆس واتە پاشا تیرویوس، تیرومیل واتا تیرۆمیلا، کە شاعیری گەورەی ئەمریکی ئیلیوت لە چامەی وێرانە خاکدا باسی کردووە، ئەفسانەکە گەر باسی لێبکەین دەڵێ: تیریۆس پاشای (کاپیا) دەبێت، هەڵدەستێ بەوەی کە ئەتکێ (فیلۆمیلا) بکات، کە کچێکی هەژارە، ئەتکی دەکات بۆ ئەوەی تاوانەکەی ئاشکرا نەبێت، زمانی دەبڕێت، خواوەندەکان دڵیان پێی دەسووتێت، دەیکەنە شالوور، وەك چۆن لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا کراوەتە (عەندەلیب)، بۆیە هەر جارێك لە هەر شوێنێك شالوورەکە بچریکێنێت، دیارە لەو شوێنە تاوانێك ڕوویداوە، یان زوڵمو زۆرێك کراوە. من ئەو داستانەم لە چەند شیعرێکدا بەکارهێناوە، هەروەها ئەفسانەی سیزیف، یان ئەفسانە کوردییەکان، کەمو زۆر سوودم لێوەرگرتوون.

***باسی کاریگەریی میتۆلۆژیا، بەتایبەتی چیرۆکی خواوەندەکانی گریکت کرد، گەر سەیری چیرۆکی میتۆلۆژیای یۆنانی و خواوەندەکانی یۆنان بکەین، ئەو چیرۆکانە بۆ خۆیان کۆمەڵێك (تەمومژ)یان تیایە، ئەو (تەمومژ)ەش تاڕادەیەك لە شیعری تۆدا هەن. لەلای ئەوان هەندێ ناڕوونی هەیە، لە شیعرەکانی تۆشدا هەندێکیان بەو شێوەیەیەو هەست دەکەیت زمان ئاسایی نییە، زمانێکە شێوەیەك لە ئاڵۆزیی پێوە دیارە، ئایا هەمان (تەمومژ)ی ئەوانە لە شیعرەکانی تۆشدا هەیە؟**

—نا.. بۆ تەمومژاوین؟.. زۆر ئاشکران گەر بیانخوێنیتەوە، ئەوانە خەیاڵیان زۆرە، ئێستا گەر بکرێ هەندێ چیرۆکی فۆلکلۆری، یان ئەفسانەی کۆن، یان داستانی کۆن بخوێنینەوە، لەچیرۆكو ڕۆمانی ئێستای کوردی زۆر بەهێزترن، لەبەر ئەوەی خاڵێکی خەستی تێدایە، واتە ئەفسانە دەکاتە منداڵی ئەقڵی مرۆڤ، بەڵام ئەو منداڵییە لە ڕووی چنینو ناوەڕۆکەوە یا بونیادی دەرەوەو بونیادی ناوەوە، یان شێوەو ناوەڕۆکەوە، زۆر

کاریگەرەو بەهێزە، زۆر قووڵە.. لە رووی داڕشتن و حیبکەو خەیاڵەوە، زۆر زۆر توندوتۆڵن، شتەکانی تر دەگێڕدرێنەوە ئەگەرچی ئەفسانەن، میتۆلۆژیان، بەڵام زۆر رەگەزی واقیعیەتیان تێدایە، واتە بەشێوەیەکی وا داڕێژراون، بۆ ئێستاش دەستدەدەن، کە بۆ شیعرێك بەکاری دەهێنی بەو خەیاڵە فراوانەوە، بەو دەلالەتەی کە تیایاندایە بۆ ئێستاش دەستدەدەن.

***بەڵام هەست ناکەی ئەفسانە دوورە لە واقیعەوە؟**

–شیعریش بۆخۆی خەیاڵە.

***ئەتوانین بڵێین ئەفسانەو شیعر لە خەیاڵدا یەك دەگرنەوە؟**

–خەیاڵ.. خەیاڵەکەیان مەبەستە، تۆ دەلالەتەکە بەکاردەهێنی، ئەوەیە کە وتم، میتۆلۆژیا بۆ ئەوەی شتەکان راستەوخۆ نەڵێ، کە دەڵێی سیزیف، ئێستا کام هاووڵاتی هەیە سیزیف نەبێ‌و بەردێکی گەورەی بەکۆڵەوە نەبێ؟ هەر بەردەکە دەبەیتە لوتکەو بەردەبێتەوە. ئێستا کورد لە پرۆسەیەکی سیزیفیانەدا دەژی، تۆ کە ئێستا سیزیف بەکاردەهێنی، ئەوە رەمزی چەوسانەوەی مرۆڤە، رەمزی موعاناتی مرۆڤە، ئەمڕۆ مرۆڤ بە ئاوات ناگات، تووشی شکست دێت، ئەو پرۆسەیەش هەتا هەتایە بەردەوام دەبێ.

***باسی ئەوەت کرد کە هەر هاووڵاتییەکی کورد لەم قۆناغەدا سیزیفێکە بۆ خۆی، بەڵام پێگەی شیعر لەوێدا چییە، واتە شیعر چ دەورێکی هەیە لەوێدا؟**

–بەڕای من پەیوەندییان هەیە، بێگومان هەرواشە، چونکە تۆ وا هەستدەکەیت نەك هەر بەردەکەت لێ بەربۆتەوە، هەوڵدەدەیت موعاناتەکەت بگەیەنێتە سەرەوە، واتە هەمان شتە، بەڵام وەك شیعر بەردەکەت لێ بەرنابێتەوەو موعاناتەکەت تەواو نابێ، هاوشێوەش ئەمەیە، تۆ هەر هەوڵدەدەیت بگەیتە ئامانجێك‌و نایگەیتێ، بەشێوەیەکی روونتر، ئەگەر وەك سیزیفێك بیت، کە گەیشتیتە لووتکەو بەردەکەت هێنا واتە تەواوبووەو قەناعەتت هێناوە، بەپێچەوانەوە، هەر شاعیرێك کە قەناعەتی هێنا داهێنانی کردووەو هەموو شتێکی کردووە، ئیتر دەوەستێ، من ئەوە ئەونەوەستانە بە لایەنێکی پۆزەتیفی شاعیری دادەنێم، چونکە هەر نەگەیشتۆتە سەر لووتکەکە، یان ئەو پەیامەی هەیەتی کە بەردەکەیە نەیگەیاندووەتە لووتکە، کە هەستی کرد ئەو پەیامەی هەیەتی گەیاندوویەتیە لوتکە کەواتە گەیشتە قەناعەت، کە شاعیریش گەیشتە قەناعەت واتە تەواوبووە، وا هەست دەکەم زۆر شاعیر هەن وەستاون و بەخششیان نەماوە، داهێنانیان نەماوە، شتی کرچوکاڵ دەنووسن، شتێ هەبووە لە ناخیاندا بەڵام ئێستا تەواوبووە. من تا ئێستا کە شیعر دەنووسم بەهەمان ترسی لاوێتییەوە دەنووسم، بڕواتان هەبێ شیعر هەیە بیست جار ڕەشنووسەکەی دەگۆڕم، چەند شاعیر بەساڵدا بچێ، تا ئەزموونی زیاتر بێت، هێندە حەساستر دەبێ، هەستەوەرتر دەبێ بەرامبەر شتەکانی، ئەوەندە هەست بە ترس دەکات، بەرپرسیارە بەرامبەر شتەکانی، گەر بێت و سەیری ڕەشنووسەکانم بکەیت، دەبینی هەموو تیرو خەت لەژێر دێڕەکانیان دراوە، دەمەوێ دەستەواژەیەکی بەهێزتر بەکاربهێنم، رستەیەکی

**بەختەوەریی شیعری نوێ لەوەدایە کە هەر شیعرێک سەردێکی هەیە**

کاریگەرتر لە جێی ئەو رستەیە بەکاربهێنم، وشەیەکی جوانتر بەکاربهێنم لە جێگەی ئەو وشەیە، تاکو شیعرەکەم دەگاتە قۆناغێکی کامڵ، پاشان کە دیوانەکەم چاپ دەکەم دیسان کەمو زۆر دەستکاریی دەکەمەوە، چونکە هەست دەکەم هێشتا ماویەتیو پەلەم کردووە لە بلاوکردنەوەی.

*** شیعرەکانی تۆ، جۆرێکە لە گەڕان بەدوای جیاوازیو دووبارەنەکردنەوەدا، لەهەمانکاتداو لە هەندێ ئەزموونی شیعریتدا گەڕاویتەتەوە بۆ هەندێ سرووتی ئایینی، ئایا ئەم گەڕانەوەیە جۆرێک نییە لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی شیعری تەسەوفو ئایینی؟**

–بەختەوەریی شیعری نوێ لەوەدایە کە هەر شیعرێك سەردێکی هەیە، بونیادێکی ناوەوەی هەیە لە رەخنەی نوێ.. شێوازێکی هەیە، هەر شیعرێك ناوەڕۆکێکی هەیە، یانی ئەو تەولیدیەی لە ناو شیعری کلاسیکیدا هەبووە لەناو شیعری نوێدا نییە، چواندنی چاو بە نێرگزو لێو بە لەعل یاخود زۆڵف بە مارو..هتد، ئەو تەولیدیەتی وێنەیە لە شیعری نوێدا نییە، هەر رستەیەك، هەر شیعرێك، هەر قەسیدەیەك جێگەیەکی هەیە و ناوەڕۆکێکیشی هەیە، هیچ شیعرێکم نییە لە شیعرێکی ترم بچێت، چ بە ژمارەی رستە شیعرییەکان، یان لێکچوونی شێوەکەی، هەر ناوەڕۆکێك ئازادە لە هەڵبژاردنی شێوەی خۆی، لەبەر ئەوەی عەفەویەتی تێدایە ناتوانم تەحەکومی پێبکەم بڵێم بەوەندە دێڕە ئەو شیعرە تەواودەکەم، یان بەوەندە رستەی شیعری، خۆی کە موعاناتەکە تەواو بوو ئیتر شیعرەکەش تەواودەبێ، تەماشای شیعری کلاسیك یان ستوونی بکە یەك شێوەیە، بەلام لە شیعری نوێدا نەخێر، شێوەکان دەگۆڕێن، شێوەیێکی درێژ بێ یان کورت دەگۆڕێت، ناوەڕۆکەکە شێوەی خۆی هەڵدەبژێرێ، چۆن ئێستا ئێمە هەر لەحزەیەکمان بە شێوەیەك دەجولێینەوە، یانی هیچ شتێك نییە دووبارە بێتەوە. ئەم سەردەمە سەردەمی شاعیری متەسەوف نییە.. ئێستا شاعیری نوێمان نییە شیعری سۆفی بنووسێ، رەنگە دەگمەن بێ، ئیختیساسی نییەو دیسان بۆ دەلالەتەکان بەکاردێ. من سوودم وەرگرتووە لە جۆشان، لە بیری تەسەوف کە زوهدی تێدایە، کە دووری تێدایە، لەپێناو خراپییەکانی ئەو سەردەمەدا، لە هەموو ئەو دیاردە ناشرینو درێوانەی کە زۆرجار مرۆڤی هاوچەرخ تووشی دەبێت، ئەو تەسەوفەم وا تەوزیفکردووە، یانی مرۆڤ لە هەر زەمانێکدا بێت، دەبێ بۆ خۆی ئەو تەسەوفەی تێدابێ، تەسەوف نەك بە مومارەسەکردنی سۆفیەت، نەخێر بەڵکو بە تێگەیشتنی پاکیی سۆفیزم، پاکیی سۆفییەکان، زوهد لە دنیادا، نەك تەماعکاری، واتە ئەوە ناوەڕۆکەکەیە، هەروەها لایەنێکی کە هەیە، زوهد هەیە، زوهد واتە قەناعەتبوون بە شتێکی کەم لای سۆفییەکان، من لە شیعردا هەوڵم داوە کەمو زۆر تا توانیبێتم زوهد بەکاربهێنم لە وشەدا، گەورەترین شت بە کەمترین وشە، گەورەترین موعانات بە کەمترین وشە داڕێژم.

***لە زمانی شیعریدا ماناکان هەندێجار بە پێچەوانەوە بەکاردێ، بۆ نموونە، دیوانە شیعرێکت هەیە ناونیشانەکەی (بەفری گەرم)ە، لە کۆی شیعرەکانی ناویشیدا ئەگەڕێی بەشوێن دۆزینەوەی مانایەکدا، جیاواز لە مانای واقیعی، بەکارهێنانی ئەم مانا دژانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

–شیعری جوان ئەوەیە کە تۆ شتێك بڵێی پێچەوانەی رێسای گشتی بێت، شیعر واتا لادان لە زمان، لادانە لە قسەی بازاڕ، ئەو شیعرانە بۆ نامێننەوە جوانییان کەمە؟ لەبەر ئەوەی هەر بە قسەی خەڵك قسەیان کردووە، بەهەمان زمانی رەمەکیی خەڵك. شیعر چەند بیەوێ لە زمانی رەمەکیی خەڵك دووربکەوێتەوە، ئەوەندە شیعریەتی زیاتر دەبێت. (ئیبن روشد) لە گوتەیەکدا دەڵێ: (شعر اخراج الكلام من غیر مخرج العادە) واتە تۆ قسەیەك بکەیت، قسەکە ئاسایی نەبێت، جا لەو پێودانگەوە کە دەڵێی بەفری گەرم، بریتییە لە تەقاندنەوەی زمان، واتە کۆکردنەوەی دوو رەگەز، یا

کۆککردنی دوو ڕەگەزی ناتەبا، یا تەبابیدان بە دوو ڕەگەز، تۆ بۆچی یەکسەر بەفری گەرم سەرنجی ڕاکێشای؟، لەبەر ئەوەی قسەیەکی نائاساییە یاخود ناونیشانێکی نائاساییە. بەفر بۆ گەرمە؟ لەبەر چی گەرمە؟ گەر شیعرەکە بخوێنیتەوە ئەوسا بۆت روون دەبێتەوە، ئەوە ئەو حاڵەتەیە وەك وتم پێی دەڵێن تەقینەوەی زمان.

***بەلام هەندێ شیعری شاعیران وەك بێکەس، گۆران، هێمن، هەردی بە زمانی ئاسایی خەڵك قسەدەکەن‌و شیعری گەورەشن، ئەزموونی شیعری رۆمانسی زۆر لە زمانی ئاساییەوە نزیکن، بەڵام شیعری گەورەن، ئایا ئەمە دەکرێ بە قیاس بۆ ئەوە؟**

–ئەو شیعرانە رەنگە هەر لەبەر ئەوە گەورەبن چونکە گۆران وتوونی، شەرت نییە وابێ، گۆران شیعری بەسەرهاتیشی زۆرە، بۆ نموونە، گەشتەکەی هەورامان، زمانی ئاساییەو شیعرێکی فۆتۆگرافییە، لەوەدا جوانە کە زۆر فۆتۆگرافیانەیە، شیعرییەتی تێدا نییە، رەنگە تەکنیکێکی باشی بەکارهێنابێ، بەپێچەوانەی شیعرە رۆمانتیکییەکانی، کە زۆر بەهێزترین لە شیعرە ریالیزمییەکان، شیعری (پایز)ی توحفەیەکە لە ژیانیدا، لەبەر ئەوەی شیعرییەتی ناو قەسیدەی پایز لە شیعرە ریالیزمییەکانی بەهێزترە، لەبەر ئەوەی جوانی وەسفکردووە، نەك لەبەر ئەوەی زۆر شیعریەتی تێدایە.

***ئەو موفرەداتانەی کە گۆران یان بێکەس و شێخ نوری بەکاریانهێناوە، تەنانەت لە جیلی تازەشدا هەیە هەندێکی بە زمانی ئاسایی‌و رۆژانەیە، بەڵام وێنەی شیعریی زۆر جوانیان تێدایە، شیعرییەتی باشیشیان تێدایە، چونکە شیعر تاکە رەگەزێك نییەو تەنها لە زمان پێکنەهاتووە...**

–لە شیعر کوردیدا دوو جۆر شیعرمان هەیە، ئەوانەی کە شیعری ریالیزمییان نووسیوە، نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و سیاسییان نووسیوە، ئەو شیعرانەن کە موخاتەبەی ئەقڵ دەکەن، ئاراستەکانیان جیایە، شیعرە ریالیزمییەکان،




یان شیعرە سیاسی‌و نیشتمانییەکان، ئەم شیعرانە، نەورۆزی گۆران، نەورۆزی پیرەمێردە، ئەی رەقیبی دلدارە، 27 ساڵەکەی بێکەس،..هتد، ئەم شیعرانە موخاتەبەی ئەقڵ دەکەن، ئاراستەکانیان جیایە، پەیامەکانیان جیایە، واتە ئەوە شیعرێکی تەعبەوییە، حاجی قادر شیعرەکانی تەعبەوین، ئەوە بۆ هاندانی خەڵکە، یانی ئەو مەبەستی ئەوە نەبووە کە شیعرییەت بەکاربێنێ، مەبەستی ئەوە بووە خەڵکەکە وشیاربکاتەوە، ئاراستەکەی جیایە. گۆران شیعری بۆ چەوساوان نووسیوە، ئەو مەبەستی ئەوە نەبووە لایەنی جوانی بەرجەستە بکات لە شیعرەکانیدا.. شیعرە رومانتیکییەکان، ئەوانە ئاراستەیان جیایە، ئەوان دەیانەوێ خەم‌و خەفەت‌و ئازارەکان بگەیێنە وەرگر، هاوسۆزیی لەگەڵ دروست بکەن، نەك هانی بدەن راپەڕێ و شۆڕش بکات، هانی بدەن زنجیر بپسێنێ، یەك شتیش هەیە لە شیعری تەسەوفا کە ئەڵێی تەسەوف چ بوون.. هەندێ شیعرم هەیە بۆتە گۆڕانکارییەك لەناو شیعرەکانی ترمدا.. ئەوەیە یەکەم سوودم لە شیعری سۆفی

وەرگرتووە.. ئەگەر لە سەرەوە تەماشای بکەیت بۆ دڵدارییەکەیە، وەکو شیعری سۆفی، بەڵام لە ژێرەوە بۆ نیشتمانە. (شیعری مەڕۆ) لە سەرەوە قسەیەك دەكەم بە کچێك دەڵێم، بەڵام پاش نسکۆی 1975 نووسیومەو لەگەڵ شۆڕشمە، یانی ئەوەش هەیەو ئەو ئاستەم بەکارهێناوە.

***بەشێوەیەکی گشتی شیعری کوردی لە چاو لایەنەکانی تری ئەدەبدا وەك چیرۆك‌و ڕۆمان‌و..هتد، هەنگاوی باشی ناوە. پێتوایە دوای نالی‌و گۆران‌و... شاعیری تر هەبێت لە شیعری هاوچەرخدا وەك ئەو شاعیرانە بووبێتە سەرمەشق؟**

—بێگومان بەخششی ئەدەبی ناوەستێ، شیعریش هەروەها لە قالبێکدا ناوەستێ و بەردەوام دەبێت، بێگومان ئەو شاعیرانە بە بەردەوامی هاتوون، نەوەی نوێش شاعیری گرنگی تێدایە، بۆ نموونە لە (70)کاندا کۆمەڵێ شاعیری گەورە دەرکەوتن، بەڕاشکاوی دەیڵێم (70)کان قۆناغێکی وەرچەرخانبوو لە شیعری کوردیدا، پاش بەیانی روانگە کە دراو ئەو ئازادییەش کە بەهۆی بەیانی (11)ی ئازارەوە هاتە ئاراوە، ئەو فەزا ئازادییەی هێنایە ئاراوە، پانتاییەکی باشی بۆ شیعری خوڵقاند. بەیانی روانگە درا، شیعری کوردی زیندووبووەو لە ڕووی فۆرم‌و ناوەرۆکەوە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات، لە هەموو لقەکانی ئەدەبدا، بەتایبەتی شیعرو چیرۆکی جوان نووسران، شانۆیی زۆر جوان هاتەکایەوە، درامای جوان پێشکەشکران، ئێستا دراماکان ماون، شیعریش بەهەمان شێوە، کۆمەڵێ شاعیری جوان‌و نوێ هاتنەکایەوە، گەر سەیری ژمارەکانی بەیان بکەیت، دەبینی کۆمەڵێ شاعیری نوێخواز هاتنەکایەوە، لەوانە: جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، ئەوانە پێشتریش هەبوون، بەڵام لە (70)کاندا زیاتر دەرکەوتن، هەروەها: ئەنوەر قادر محەمەد، سامی شۆڕش، ئەنوەر شاکەلی، رەفیق سابیر، نەوزاد رەفعەت، عەبدوڵلا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵلا... ئەوانە شاعیری چاکبوون هاتنەکایە، ئێستاش کەم‌و زۆر تیایاندایە بەردەوامە، هەشە کشاوەتەوەو ئەو بەرهەمە نابەخشێت وەکو جاران. شیعری کوردی نەوەستا، شیعری کوردی وەجاخی کوێر نەبووە، دواترو پاش ئێمەش کۆمەڵێ شاعیر لە (80)کاندا دەرکەوتن، کۆمەڵێ شاعیر (90)کان دەرکەوتن، هەریەکەیان ئاستی خۆیانیان هەیەو ناتوانین ئێستا هەڵیانسەنگێنین، بەڵام ئەوەی ئێستا من هەستی پێ دەکەم لە شیعری لاواندا پەلەپەلییەك هەیە، دەبینی شاعیرەکە لە رووی رۆشنبیری و خۆپێگەیاندنەوە نەگەیشتۆتە ئاستێکی وا، بەڵام ئەو قۆناغی هەرزەکارییەی هانی دەدات زوو شت بڵاوبکاتەوە، یان زوو دەرکەوێت، یان زوو خۆی دەرخات، کە ئەوە زیانی پێدەگەیەنێت، رەنگە لە دواجاریشدا پەشیمان ببنەوە لە هەڵپەی خۆیان، ئەوانەشی کرچوکاڵ بڵاودەکەنەوە، هەست دەکەیت پاشخانێکی رۆشنبیری‌و باگراوندێکی رۆشنبیریی چاکی نییە، کەوا ببێتە بناغەیەك بۆی.

***رەنگە ئەوە لە هەردوو نەوەکەدا هەبێت، راستە لە جیلی گەنج هەیە پەلەپەل دەکات‌و شتەکانی کرچوکاڵن، بەڵام هەست ناکەی لە جیلی رابردووشدا هەمان شت هەیە؟**

—ئەوانە وەستاون لە هونەرو ئەدەب بە گشتی، لە هەردووکیان هەیە.. موبەریری کرچوکاڵی شەفاعەت نادات، یانی یەکێ شتێ بڵاودەکاتەوە بڵێ: ئەو سەردەمە گەنج بووم، ئەو سەردەمە پەلەم کرد، ئەو سەردەمە نەمزانی، ئەو سەردەمە وابوو..هتد، پێش ئەوانیش وەك شێخ نوری شێخ ساڵح زۆر شیعری کرچوکاڵی هەیە، شیعری خراپی هەیە، شیعری بۆنەی هەیە زۆر لاوازن، یانی ئەوە هیچش شەفاعەتی نادات، بەڵام شیعری تریشی هەیە بۆ نموونە (پەپوولە)کەی چەند جوانە.

***تۆ لەو شاعیرانە بە ئەزموونی کامیان سەرسام بوویت؟**

— پێشتر بە عەرەبی دەمنووسی، کە لە بەشی کوردیی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وەرگیرام، ئیتر

هەوەسم کەوتە سەر ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی روانگە کاریگەرێتیی هەیە بەسەرمەوە، مێشکی کردمەوە، من قەرزاری روانگەم، زۆر بەڕاشکاوی قەرزاری ئەو بزووتنەوەیەم، سەودای بیرکردنەوەی لەبەردەمدا کردمەوە، لەو شاعیرانەی کە زوو سەرنجیان راکێشام جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، سەلاح شوان، سامی شۆڕش، ئەنوەر جاف، و... ئەو چوار ساڵە کاریگەرییان هەبوو بەسەرمەوە، حەزم لە شیعرەکانیان بوو، بەلام جەلالی میرزا کەریم لە هەموویان زیاتر پێی کاریگەر بووم، لەبەر ئەوەی شیعرەکانی موعاناتێکی گەورەیان تێدابوو، موعاناتی گەورەی نیشتمانی، شێوەکەشیان جوان بوو، بە فۆرمێکی جوانو چاك شیعرەکان دەگوت، من شیعرێکم هەیە بەناوی (گۆرانیی گوڵلەیەکی نەتەقیو) لەژێر کاریگەریی شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریمدا وتوومە.

**روانگە کاریگەرێتیی هەیە بەسەرمەوە، مێشکی کردمەوە، من قەرزاری روانگەم**

***بەلام جەلالی میرزا کەریم زۆر سادە ئەینووسی، بۆ نموونە: (شۆڕش ئەتانەوێ من بناسن، من عەشقی ڕێگەیەکەم مەرگی تیابێت، کە شۆڕش مرد بۆچی نابێت دەرون شیعری شۆڕشێکی تری تیابیت؟!) ئەمە یەکێ لە شیعرەکانیەتی، کە لە زۆر بۆنەدا باس دەکرێ، تۆ ئەڵێی سەرسامم بە شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم، کەسێك ئەگەر سەرسامبێ بە شیعری کەسێکی تر، ئەبێ تۆزێك رەنگدانەوەی هەبێ لە سەری، بەلام ئەزموونی تۆ زۆر جیاوازە لە ئەزموونی ئەو...؟**

—شاعیر لە سەرەتای دەستپێکردنی بە چەند شاعیرو نووسەرێك کاریگەر دەبێت، بەلام گرنگ لەوەدایە ببێتە خاوەنی دەنگی خۆی، نالێم کاریگەریی ئەوم پێوە بووە، راشکاوانە دەلێم (گۆرانیی گوڵلەیەکی نەتەقیو) کە لە ساڵی (72)دا لە یەکێك لە ژمارەکانی هاوکاریدا بلاوبووەوە کاریگەریی ئەوی پێوەبوو، بۆیە نەمخستە نێو دیوانەکەم.. من لە (70)وە شیعرم دەنووسی، بەلام لە (78)دا دیوانی (دارستانی ئەو بنارە)م چاپکرد، پەلەپەلی تێدایە نییە، پاشخانێکی رۆشنبیریم هەبوو، زۆر رۆمانم خوێندبووەوە، زۆر شیعرم خوێندبووەوە، بەلام بە کوردی نا بە عەرەبی، ئینجا هاتمە ناو پرۆسەکەوە، بەلام ئێستا شاعیر هەیە بناغەیەکی نییە کە شیعر دەلێ، بناغە زۆر گرنگە بۆ شاعیر، رۆشنبیری زۆر پێویستە بۆ شاعیر، هەر شاعیرێك ئەگەر بێتو بە رۆشنگەرییەکی چاکەوە نەیەتە ناو پرۆسەکەوە ناتوانێ شیعری باش بنووسێ. شیعر چییە؟ شیعر پرۆسەیەکی مەعریفی و رۆشنبیرییە، کە تۆ رۆشنبیریت نەبێت چۆن شیعر دەلێی؟ شتێکی زۆر کرچوکاڵی دەردەچێ، وەك ئەوە وایە دارتاشێکی خراپ بیتو بێی کورسییەك دروست بکەیت، ئەو دارتاشەی لە ئیشەکە نازانێ، دێت کورسییەکی سەقەت دروست دەکات، یان سەیارەکەت دەبەیتە لای فیتەرێکی خراپ، سەیارەکەت هەمووی تێکدەدات، راستە شیعر بەهرەیە، بەلام رۆشنبیریو سنعەتکارییشە، هەر ئەوە نییە قسە بکەیتو بیلێیتو لەسەر کاغەز دایرێژیت!.

***لە هەرسێ دیوانە شیعرەکانتدا (نیگەرانی- 1985، بەفری گەرم- 1992، هەژان 1999) هەست**

**به گۆڕانێك دەكرێ، لە رووی ریتم‌و فۆرمی شیعریدا، ئەو گۆڕانە پەیوەستە بە قەلەقییەكانی نەوزاد رەفعەت خۆیەوە، یان جۆرێكە لە بەجێهێڵانی ئەو قۆناغەی نووسین، ئاشكرایە هەریەكەیان لە قۆناغێكدا نووسراون؟**

—هەر قۆناغێك كۆمەڵێك موعاناتی خۆی هەیە، كۆمەڵێك رووداوی نوێ هەیە، وەك وتم ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە. ئەو چركەیەی ئێستا تیایداین، چركەكەی پێشوو نییە، بۆیە شیعریش بەپێی ئەو قۆناغە، دەبێ شاعیر هەوڵبدات خۆی نوێ بكاتەوەو خۆی دەوڵەمەند بكات، بۆ نموونە، هەوڵ بدات بە تەكنیكی جوانترو نوێتر شیعرەكانی دەربڕێ، كە من بێم لە دوا دیوانمدا شتەكانی پێشوو بڵێمەوەو فۆتۆكۆپیی (دارستانی ئەو بنارە) بكەم، یا فۆتۆكۆپیی (بەفری گەرم) بكەم، كەواتە وەستاوم و هەنگاوم نەناوە، بۆ نموونە لە دوا دیوانمدا هەمان ئەو شیعرانە نین كە لە دیوانەكانی پێشوومدان، چ وەك ناوەرۆك، چ وەك تەكنیك. دەبینی رستەكان گۆڕاون، بیرۆكەكەش بیرۆكەی نوێیە، ئەو موعاناتەی لە پاش راپەڕین هەیە ئەو موعاناتە نییە كە سەردەمی بەعسدا هەبووە، ئەو وەختە كۆمەڵێ موعاناتی تر بوون، چەوسانەوە هەبوو، ئێستا موعاناتەكە لەگەڵ حكومەتی كوردییە، لەگەڵ واقعێكی ترەو دەبێ ئەو موعاناتە دەربڕی. گەر گۆڕانەكە رووبدات، دەبێ رۆشنبیرییەكەش زیاتربێ، خۆ من هەمان گەنجەكەی (دارستانی ئەو بنارە) نیم، ئەوە وەختە گەنجبووم، ئێستە پیرم، واتە زۆربەی جیلە رۆشنبیرەكە زیادی كردووە، كۆمەڵێ جۆگەی تری رۆشنبیری رژاونەتە ناو رووبارە شیعرییەكەوە، كەواتە دەبێ گۆڕان رووبدات، ئەگەر روونەدات پێشكەوتن نابێت.

***باشە ئەو قۆناغبەندییەی تۆ باسی دەكەیت، پێش راپەڕین‌و دوای راپەڕین، وەك شاعیرێك باوەڕت پێی هەیە؟**

—تۆ تەماشادەكەی لە (70)كاندا كۆمەڵە شیعرێك هەبووە، لە (80)كاندا كۆمەڵێ شیعری تر هاتوون، لە (90)كاندا هاتوون، ئێستا كۆمەڵێ، ئێستا كە (2007)ە، یان (2006)دا خەڵكی تر هاتوون، بەڵام ئەوە نییە كە ئیتر ئەوانەی حەفتاكان وەستاون، نەخێر وەك وەچەیەك، وەچەی (70)كان وەچەی (80)كان، ئێستاش‌و دواتریش كۆمەڵێك پەیدا دەبن، بەڵام وەك قۆناغبەندی، ئەو قۆناغە دووردرێژەی سەردەمی بەعس قۆناغێك بوو، زەمەنی پاشایەتی قۆناغێك بووە، پاشان قۆناغی تر هاتووە، قۆناغی كۆماری هاتووە، قۆناغی پێش راپەڕین دەكرێ بە قۆناغێك بۆ كۆمەڵێ تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری هەبووە، ئێستا كۆمەڵێك تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی، سیاسی ئابووری هەیە كە جیایە لە پێشتر، كەواتە قۆناغە، ئێستا قۆناغێكی ترە، ئێستا هەستدەكەیت سەرمایەدار دروست دەبێت، سەرمایە دروست دەبێت، كە سەرمایە دروست بوو، ئیتر قۆناغێكی كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووریی جیایە لە قۆناغەكەی پێشتر، تۆ موعاناتت لەگەڵ قۆناغێكی ترە، ئەو قۆناغەی ئێستا كە ئێمە شیعرمان وتووە، واتە شیعرەكەش زیاد دەبێ، یان هەمان قۆناغی شیعری نییە، قۆناغێكی ترە.

***باسی جیلی تازەت كرد، ئێوە لەو شاعیرە تازانە شیعری كامیان دەخوێننەوە؟ ئەو دەنگانە كێن كە لە شیعری نوێدا دەیانخوێنیتەوەو بەردەوام موتابەعەی شیعرەكانیان دەكەی؟ زیاتر مەبەستمان دوای راپەڕینە؟**

—بەڕاستی دوای راپەڕین كۆمەڵێ دەنگی لاوی جوان هاتنەكایەوە، هیوا قادر، دلاوەر قەرەداغی، ئیسماعیل خورماڵی، هەوران وریا قانع، ئەوانە كۆمەڵێ دەنگی شیعریی جوانن، شاعیرێك هەیە ناوی ماردین ئیبراهیمە، شیعرێكی جوانیم خوێندەوە، من هەمیشە گوتوومە، شاعیر نابێ تەماعكارو حەسوود بێت، من ئەگەر دان بەداهێنانی ئەواندا نەهێنم، دەبێ بواریش بدەم بە خەڵك كە غەدرم لێ بكەن، كە چاوم هەڵنەیەت بە شیعری جوانی گەنجەكان‌و شیعری برادەرەكانی خۆم كە شیعری جوان دەنووسن، دەبێ رێگە بدەم خەڵكیش دانم پیادا

نەنێن وەك ئەوەی كە داهێنانێكم لە شیعرێكمدا كرد، ئەوانە كۆمەڵێ شیعری جوانیان نووسیوە.

***باسی كۆمەڵێ شاعیری وەك دلاوەر قەرەداغیو هیوا قادرو... كرد، بەڵام ئەزموونی شیعری تۆ، زۆر پێچەوانەی ئەمانە، لەكاتێكدا ئەبوایە بۆ نموونە بمانوتایە سەرسامی بە كێ؟ كەسێكت بوتایە لە ئەزموونی شیعری تۆوە نزیك بوایە. ئایا ئەم جیاوازییە بۆ؟ ئەمەش هەر بەفرە گەرمەكەیە؟**

—ئەوانە وەچەیەكی ترن، وەك ئێمە بیرناكەنەوە، وەك ئێمەش نانووسن، ئیعجابەكەم بۆ ئەوان ئەوەیە كە ئەوان لەگەڵ من جیاوازن، بە ستایلی من نانووسن، ئەوە گرنگە، گەر ئەوان وەك من بنووسن، بە ستایلی من بنووسن، یان لاسایی من بكەنەوە، كەواتە گرنگی لە شیعرەكانیاندا نامێنێ. جوانیی دەنگەكان لەوەدایە كە جیاوازبن، چەند دەنگەكان جیاوازبن ئەوەندە بزووتنەوەی شیعری دەوڵەمەندتر دەبێ. ئەوان موعاناتی خۆیان دەربڕیوە، وەچەیەكن راشكاوانە تەعبیریان لە موعاناتی پاش راپەڕین كردووە، تەعبیریان لە شەڕی براكوژی كردووە، رایان كرد لە دەستی شەڕی براكوژی، رایان كرد لە وڵات و بوونە پەناهەندە، نەفرەتیان لەو وڵاتە كرد، بێزیان لەم وڵاتە پڕ شەڕو پڕ ئاژاوەو پڕ دژوارییە بووەوە، موعجیبم بەوان كە شتی جوانیان لە شتی ناشرین هەڵێنجا.

***ئەی لە نەوەی خۆتدا سەرسام نیت بە كەسیان؟ راشكاوانە باسی ئەوانت كرد، ئەی بۆ باسی نەوەی خۆت ناكەی؟**

—ئەوانەی نەوی ئێمە كۆمەڵێ شاعیرن بەردەوامن، كەریم دەشتی، سەعدوڵلا پەرۆش پێش من دەستیان بە شیعر كردبوو، ئێستاش بەردەوامن، ئەوانیش دەنگی خۆیان هەیە، ستایلی خۆیان هەیە، موعاناتی خۆیان هەیە.. بەڵام ئەو جیلەی ئێمە نەوەستاون، هەیە وەستاوە، هەیە چەند شیعرێكی هەیە وەستاوە، نەوەی منیشە، پێكەوە لە (بەیان) شیعرمان هەبووە، ئێستا شیعری نابینرێ.

***وتت خۆم بە قەرزاری گروپی روانگە ئەزانم، بەڵام لەو سەردەمەدا گروپی (كفری)یش هەبووەو یاخیتریش بوون لە گروپی (روانگە)، ئایا سەرسام نەبوویت بەو گروپە؟**

—گرنگ نییە گروپ، هەر كۆمەڵە شاعیرێك، یان كۆمەڵە چیرۆكنووسێك، كۆمەڵە شانۆكارێك دەتوانن پێكەوە لەسەر مێزێك دانیشن و پڕۆژەیەك پێشكەش بكەن، بەیانێك دەربكەن. ئەنوەر شاكەلیو ئەحمەد شاكەلیو لەتیف هەڵمەت لە كفری وەك دەڵێن گروپمان هەبووەو پەیامەمان هەبووەو نازانم چیمان هەبووە، بەڵام ئەو كاریگەرییەی روانگەی نەبوو، ئەوان لە بازنەیەكی تەسكدا بوون، ئەوانە شاعیری باش بوون، ئەحمەد شاكەلی چیرۆكنووسی باش بوو، لەتیف هەڵمەت شاعیرێكی گەورەیە، ئەنوەر شاكەلی یان فەرهاد شاكەلی رۆشنبیرێكی چاكەو شاعیرێكی نوێخوازیش بوو، بەڵام كاریگەرییان نەبوو بەسەر پانتاییەكی زۆرەوە، یانی چ كاریگەرییەكیان بەجێهێشت لەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی؟ روانگە ناوەندی ئەدەبی و رۆشنبیریی هەژاند، كولتورێكی بەجێهێشتووە، بووە مایەی دروستبوونی رەخنەی نوێی كوردی، شیعری نوێی كوردی، چیرۆكی نوێی كوردی، شانۆی نوێی كوردی، كاریگەری هەبوو. تۆ تەماشای لاپەڕەكانی (هاوكاری) بكە، بووە چ مشتومڕێك لەنێوان یاران و نەیارانی روانگەدا، ئەو شیعرانەی ئەو وەختە نووسراون ئێستاش نەمرن، ئێستاش جوانیی خۆیانیان لەدەستنەداوە. تەماشای شیعرەكانی سامی شۆڕش بكە، كە یەكێكە لە لایەنگرانی روانگە، ئەگەرچی رەخنەو لێكۆڵینەوەی كوردی ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، بەڵام شاعیرێكی زۆر گرنگە، بڕۆن شیعرەكانی بخوێننەوە.

***بەڵام بمانەوێو نەمانەوێ روانگە بە هەموو كاریگەرییەكانیەوە رەهەندێكی سیاسیی هەبوو، بۆیە وا گرنگ بوو، بۆ نموونە قسەیان لەسەر كۆمەڵێك دەستەواژەو چەمك دەكرد لە واقیعی كۆمەڵگەی ئێمەدا لەو كاتەدا، پێشتر دەستیان بۆ نەبرابوو یان قسەیان**

**لەسەر نەكرابوو، بۆ نموونە ئازادیی ژن.. هەست ناكەی ئەمە هۆكارێك بوبێت؟**

—هەستم دەكرد ئەوانە منەور بوون، منەوری ئەو سەردەمە بوون، لەوانە بوون كە پەیامێكی گەورەیان هەبوو، نەك هەر پەیامی ئەدەبی، پەیامێكی سیاسیو كۆمەڵایەتیشیان هەبوو، بۆیە دەیانویست ئەدەب بكەنە پردێك بۆ ئەوەی تموحاتی سیاسیو كۆمەڵایەتیی خۆیان لەوێدا دەربڕن. ئەو سەردەمە ئاوا بوو، ئەدەب تاقە رێگایەك بوو ئەدیب لێیەوە پەیامەكەی خۆی بگەیەنێت. ئەوان لەكاتێكدا شاعیر بوون، سیاسیش بوون، دەتوانین بڵێین نووسەرێكی كۆمەڵایەتیش بوون، هەم سیاسی بوون، هەم یاریدەدەری كۆمەڵایەتی بوون، هەم ئەدیبیش بوون، دەیانویست لە هەر سێ لاوە شت بكەن.

***بەڵام ئایا دەكرێ ئەدەب بخرێتە خزمەتی لایەنە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكەوە؟**

—بۆ نا، ئەدەب بە درێژایی مێژوو لەخزمەتدابووە، ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعە، رەنگدانەوەی باری كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، دەرونییە، بەڵام رەنگدانەوەیەكی داهێنەرانە، ئینسان بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە، ناتوانێ لە دەورووپشتی خۆی دابڕێیت، ناتوانی موعاناتی كۆمەڵی كەس هەڵنەگریت. لای من ئەدەب پەیامە، كۆمەڵێ شت هەیە دەبێ بیگەیەنم، ئەی بۆ دەڵێم ئێمە سیزیفین، بەڕاستی ئێمە سیزیفین، هەر بەردەكەیە دەیبەینە سەرەوەو دێتەوە خوارێ. ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعە، واقیعیش چییە؟.. كۆمەڵێك پێكهاتەی كۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییە. ژیان چییە؟.. كۆمەڵێك پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە، ئەوەیە واقیع، ئەوەیە وات لێدەكات شیعر بڵێی.. ئەی موعانات چییە؟. بۆچی ناگونجێ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ لایەنی كۆمەڵایەتیدا ناگونجێ، لەلایەنی سیاسییەوە ناگونجێ لەگەڵ واقیعەكەی، ئەی بۆ نامۆبوون دروست دەبێ، ئەگەر نامۆبوون نەبێ هەرگیز شیعر دروست نابێ. بیكیت بۆچی لەچاوەڕوانی گۆدۆدای نووسیوە؟.. ئەوە ئەوپەڕی نامۆبوونە لەگەڵ واقیعەكەی خۆی.

***لەسەرەتای قسەكانتدا وتت بۆیە پەنام بردۆتە بەر میتۆلۆژیا لەبەر ئەوەی شیعر خەیاڵە، ئێستا دەڵێی شیعر واقیعە!..ئێستا نازانین شیعر خەیاڵە یان واقیع؟**

—ئا واقیعە، بەڵام بە خەیاڵ دەریدەبڕی، یانی شیعر رەنگدانەوەی داهێنەرانەی واقیعە، نەك فۆتۆكۆپیانە، بەڵام بە خەیاڵ، چەند خەیاڵی زیاتر تێدا بێ، ئەوەندە دەوڵەمەندو جوانتر دەبێ.

***لە واقیعی ئێستای رۆشنبیریی كوردیدا هەست دەكەیت گروپێكی تر هەبێ جێگەی روانگەی گرتبێتەوە، یاخود گروپێك هەبێ وەك روانگە؟**

—تا ئێستا هەستم پێ نەكردووە، ئەوانەی كە روانگەیان دروستكرد، هەستیان بە بەرپرسیاریەتییەكی زۆر دەكرد بەرامبەر بە نیشتمانو شیعرو كورد، هەستیان بە بەرپرسیاریەتی دەكرد بەرامبەر بە میللەتەكەیان، بەرامبەر بە نیشتمان، بەرامبەر بە ئەدەب، بەرامبەر بە كۆمەڵ، دەیانویست گۆڕانكارییەك رووبدات، زۆر ئاساییە ئێستاش ئەگەر كۆمەڵێك خەڵك هەبن پەیامێكیان پێبێ دەتوانن گروپێك دروست بكەن، گرنگ ئەوەیە ئامانجێكیان هەبێ.. دەبێ شتێك هەبێت كۆیان بكاتەوە، بەڵام ئایا چەند كاریگەریی دەبێت، گرنگترین شت لە گروپدا كاریگەرییە، دەنا دروستكردنی گروپ زۆر ئاسانە، گروپ ئەبێ رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی هەبێت.